**پێویستە پەرلەمانی کوردستان یاسای کارنامەی ڕۆژمامەوانان بڵاوبکاتەوە: کۆمیتەی بەرگری لە ڕۆژنامەوانانی کوردستان:**

لە ڕێگای ڕاگەیاندنەوە ئاگاداربووین کە سەندیکای ڕۆژنامەوانانی کوردستان، یاسای کارنامەی ڕۆژنامەوانانی کوردستان و خانەنشینی ڕۆژنامەوانانی تەسلیم بە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانیان کردوە، بە مەبەستی تاوتوێ کردن و پەسەند کردنی.
لە هەمان ڕاگەیاندا هاتووە، ڕەشنووسی کارنامەی ڕۆژنامەوانانی کوردستان، لە بەردەستی ڕۆژنامەوانانی کوردستاندا بووە و ڕۆژنامەوانانی کوردستان دانوسانیان لەسەر کردوە. کۆمیتەی بەرگری لە ڕۆژنامەوانانی کوردستان بە پێویست دەزانێت دانوسانی زیاتر لەسەر ئەو ڕەشنووسە بکرێت. هەروەها دەبێ پەرلەمانی کوردستان دەقی ڕەشنووسی کارنامەکە بڵاوبکاتەوە و لەبەر دەستی ڕۆژنامەوانانی کوردستاندا دابنێت بۆ ئەوەی هەموو ڕۆژنامەوانانی کوردستان ئاگاداری ئەو ڕەشنووسە بن و بەشداربن لە پەسەندکردنی یان دروستکردنی گۆڕانکاری پێویست لە بڕگەکانی یاسای کارنامەکەدا.
کۆمیتەی بەرگری لە ڕۆژنامەوانانی کوردستان بڵاوکردنەوەی ڕەشنووی یاسای کارنامەی ڕۆژنامەوانان بە پێویستیەکی یاسایی دادەنێت بۆ ئەوەی دواتر ڕۆژنامەوانانی کوردستان پابەندی ئەو یاسایە بن، بە پێچەوانەی ئەوە ئەگەر یاسای کارنامەی ڕۆژنامەوانان بڵاونەکرێتەوە ئەوە بە گوێرەی یاسا دەبێتە یاسایەکی سەپێنراو و جێبەجێکردنی سنووردار دەبێت.
بۆیە داوا لە پەرلەمانی کوردستان دەکەین بە هەمان شێوەی ڕشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان، یاسای کارنامەی ڕۆژنامەونانی کوردستانیش بڵاوبکاتەوە بۆ ئەوەی ڕۆژنامەوانانی کوردستان سەرنجەکانیان لەسەر دەرببڕن.
لە لایەکی ترەوە داوا دەکەین پەرلەمانی کوردستان تەنیا پەیوەندی بە سەندیکای ڕۆژنامەوانانی کوردستان نەکات بەڵکوو پەیوەندی بە ڕێکخراوەکانی هەموو بەشەکانی ڕۆژنامەوانیی لە کوردستاندا بکات.

کۆمیتەی کاتی بەرگری لە ڕۆژنامەوانانی کوردستان
ko_b_r_ku@yahoo. com
2006-10-18